هاوڵاتی ژماره 379 چوارشەممە 12/ 12/ 2007

# تێڕوانین لە چەمکی یەکسانی:
# یەکسانی واتە پاراستنی تایبەتمەندی نەک سەپاندنی پێکچوون

نەزەند بەگیخانی

**یەکسانی و دادوەری کاتێک دێنەدی کە تاکەکان بە ژن و پیاوەوە وەکو بونەوەری جیاواز و تایبەتمەند لە قوڵایی خۆیاندا و لە دەرەوەی پەیوەندییەکانی هێز و زاڵبوون و چەوسانەوە خۆیان بن و یەکتری قبوڵ بکەن و بەو قووڵی و فراوانیەش لەگەڵ یەکتری ڕەفتاربکەن و ڕێز لە تایبەتمەندیی یەکتری بنێن و ئازادی خۆیان پیادە بکەن**

یەکسانی وەکو چەمکێکی سەردەمی ڕۆشنایی واتە نەهێشتنی چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە؛ واتە کەس ماف و بواری ئەوەی نەبێ توانا و کار و بەهرەی کەسانی دیکە وەکو ئامرازێک بەکاربهێنێ بۆ گەیشتن بە ئامانجی تایبەتیی خۆی. تێگەییشتن لەو چەمکە و پیادەکردنی واتە پاراستنی تایبەتمەندیی تاک و ڕێزنان لە جیاوازی؛ واتە تاک خاوەنی خۆی بێت و ناچار نەکرێ بە شێوەیەک بیربکاتەوە یا ڕەفتار بکات و ژیانی دیاری بکات کە کەسێکی دیکەی دەسەڵاتدار یا گروپێکی کۆنفۆرمیست بەسەریدا بسەپێنێ. بەداخەوە ئیمرۆ ئەم چەمکە لە زۆر شوێن بە جۆرێک لێکدەدرێتەوە و پیادە دەکرێ کە بەهاکانی سەردەمی ڕۆشنایی دەسڕێتەوە.

ئیمرۆ لە زۆربەی کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان یەکسانی واتای "پێکچوون" دەگەیەنێ نەک پاراستنی تایبەتمەندیی تاک لە پێناوی ئازادی و دابینکردنی ماف و دادوەریی کۆمەڵایەتی و ژیانێکی مرۆڤانەتر بۆ ژن و پیاو. لە وڵاتانی سەرمایەدار، ئەو سیاسەتی پێکچوونە بە کاریگەری میدیا و بازاڕی کار، بەکاریگەریی دامودەزگا دەسەڵاتدارەکان فەرمان دەدات کە هەموو بەیەک جۆر بیربکەنەوە، بەیەک شێواز قسە بکەن، لە یەک کات نان بخۆن، سەیری هەمان زنجیرەی تەلەفزیۆنی بکەن یا هەمان فیلمی سینەمایی ببینن کە دەسەڵاتی ڕاگەیاندن لە ڕێگای ڕێکلامەوە دەیسەپێنێ. ئەم ڕەوتەش واتە سڕینەوەی جیاوازی، سڕینەوەی تایبەتمەندیی ژیان و تاکەکان و سەپاندنی پێکچوون. دیارە لەو وڵاتانەی کە پاشخانێکی فیکری و دیموکراسیان هەیە، تاکی هۆشیار دەتوانێ و هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساوە لەو سیستەمە کۆنفۆرمیستە دەرباز بێت و تایبەتمەندیی ژیان و خودی خۆی بپارێزێ و بەرەوی پێبدات، واتە تاک دەتوانێ ئازاد بێت. بەڵام لە وڵاتە دیکتاتۆریەکان کە بوون و مانەوەیان بە تواندنەوەی تاک لەناو گروپ و چاندنی ترس و نەهێشتنی جیاوازی بەندە، تایبەتمەندیی تاک و "جیاوازی" وەکو هەڕەشە دەبینرێ. بۆیە لە ژێر سایەی ڕژێمە تۆتالیتارەکان، تاکی جیاواز و تایبەتمەند بەرەو ڕووی هەڕەشە و ڕاوەدوونان و لێدان و لەناوبردن دەبێتەوە.

لە دەڤەری ئێمەدا کە سەر بە پاشخانێکی فیکری و دیموکراسی نیە، ئەو ڕەوتە لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵیشەوە پیادە دەکرێت. دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی ئەگەر بۆی نەلوێ ئەویتری "جیاواز" و "تایبەتمەند" بگرێ و بخاتە زیندانەوە، لەناوی ببات یا تیرۆری بکات، ئەوە لە هەوڵی بەردەوام دایە بۆ سڕینەوەی تایبەتمەندی و جیاوازییەکان و تواندنەوەی تاک لەناو گشت. ئەم هەوڵە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە هەموو بەیەک جۆر ڕەفتار بکەن، بە یەک جۆر بنووسن ، بەیەک جۆر و لەیەک کاتدا جوێن بدەن یا مەدح و سەنا بکەن، هەموو لەیەک کات شیوەن بگێڕن یا هەڵپەڕن، لە یەک کات بچنە سەر مەزاری نەمران، هەموو پێکەوە بەرخ و جوانەگا سەربڕن بۆسەلامەتی سەرکردەکان، هتد. ترس دینامۆیەکی کاریگەرە بۆ بەڕێوەچوونی ئەو ڕەوتە؛ ترس لەویدیکە، لە دەسەڵات، لە ئایین، لە خێزان، لە دەزگا پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکان و تەنانەت لە خودیش. لێرەدا مەترسی لەوەدا نیە کە تەنها دەسەڵاتی ئایینی یا سیاسی ئەو ڕەوتە پیادە بکات؛ بەڵکو کۆمەڵیش بە ناوی گشتەوە ئەو دەسەڵاتە چەشنی سیستەمی پۆلیسی دەسەپێنێ و کۆنترۆلی تاکەکان دەکات و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان دەپشکنێ و رامیان دەکا و سزایان دەدا. نائومێدی خەڵکیش بەرامبەر بە دەسەڵات و گەندەڵیی ئیداری و نەبوونی دادوەری کۆمەڵایەتی ڕەوتێکی دژی دروستکردووە کە لە جیاتی بیرکردنەوە و برەودان بە جیاوازی، لە جیاتی برەودان بە ئازادی و تایبەتمەندیی تاک لە ڕێگای فیکر و جەدەلەوە، داوا دەکات هەموو پێکەوە و بەیەک شێواز و بە بێ پەنجەخستنە سەر جیاوازییەکان دژایەتی دەسەڵات بکەن کە ئەویش یەکەیەکی چەسپاو و پێکچوو و یەکانگیر نیە و سەر بە دەنگ و کەسایەتی جیاوازە؛ داوا دەکات هەموو پێکەوە و بەیەک شێواز هێرش بکەن و بێنە ئاستی قسەوباسی ناو هەندێ لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردییەکان کە سەر بە هیچ پێوەرێکی ئەخلاقی و فیکری نین.

لە بواری فێمینستیدا، ئەم چەمکە زۆرجار بە هەڵە لێکدراوەتەوە؛ وا لێکدراوەتەوە کە ژن لە چۆنیەتی ڕەفتار و جلپۆشین و بیرکردنەوە و نووسین و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانیدیکەدا بە پیاو بچوێندرێ. لە کاتێکدا بەرگریکردن لە یەکسانی لە بۆچوونی فێمینستیدا دەبێ بەرگریکردن بێ لە ئازادی و تایبەتمەندیی و کەسایەتی ژن وەکو خۆی، وەکو مرۆڤێکی تەواو و کامڵ لە دەرەوەی پەیوەندییەکانی هێزو چەوسانەوەی پیاوسالاری؛ واتە نەهێشتنی چەوسانەوە و زوڵم و ستەمکاری و ڕەخساندنی بوار بۆ سەلماندنی توانا و بەهرە تایبەتییەکان، واتە ڕزگاربوونی ژن لە چوارچێوەی "بواری تایبەتی" ناوماڵ و تێکەڵبوونی بە بواری گشتی و پەیوەندییەکانی کار و ئاڵوگۆڕی فیکری و کۆمەڵایەتی و سەلماندنی تایبەتیمەندییەتی خود. یەکسانی وەکو پێکچوونێکی رووکەشانەی ژن و پیاو پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان دەشێوێنێ و هاوکێشەکان وەردەگێڕێ و تەنانەت دەبێتە بوارێک بۆ گاڵتەجاڕی؛ هەروەکو زۆرجار دەبیسترێ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کاتێ باس لە یەکسانی دەکرێ، هەندێ کەس باس لەوە دەکەن ژنیش بواری ئەوەی هەبێ چوار مێردی هەبێت وەکو پێکچوونێکی ئیسلامی بۆ فرەژنی پیاو، یا ژنیش توندوتیژی پیادە بکات بەسەر پیاو و تەعەددای لێبکات و پیاو بکوژێ وەکو ئەوەی ئەمە بریتی بێت لە دابینکردنی دادوەری و بەدەستهێنانی ماف و یەکسانی.

ژن و پیاو جیاوازن لە ڕووی بایۆلۆژییەوە؛ ئەم جیاوازییە مانای ئەوە نیە کە پیاو زاڵ بێت بەسەر ژن، ئەم جیاوازییە نابێ ببێتە مایەی باڵادەستیی پیاو و لە پەراوێزنانی ژن. جیاوازییە بایۆلۆژیەکان تایبەتمەندیی ژن و پیاو بە جۆرێ دابین دەکەن کە ئەگەر چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ستەمکاریی پیاوسالاری نەمێنی، ئەوە ژن و پیاو وەکو دوو بونەوەری یەکسان و جیاواز نەک پێکچوو لەشێوازدا، بەلکو هاوتا لە ماف و ئەرکدا، دەتوانن ئازادی و سەرفرازی بۆ خۆیان و بۆ یەکتریش دابین بکەن.

یەکسانی دەبێ دەروازەیەک بێ بۆ ئازادی، بۆ نەهیشتنی چەوسانەوە و ڕزگارکردنی کەسی چەوسێنەریش. ئەمە ڕێگا خۆش دەکات بۆ هاوسۆزی و خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە نێوان تاکەکان کە کۆمەڵگەی ئێمە ئیمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی پێی هەیە؛ خۆشەویستی و ڕێزێک کە جوانی ببەخشێت بە ژیان، ئومێد دروست بکات لەناخی تاکەکان،

باوەڕ و متمانە بگەڕێنێتەوە بە خود و بە ئەوانیدیکە و ترس بڕەوێنێتەوە. خۆشەویستی و ڕێزێک کە تاک بە ژن و پیاوەوە ئازاد بکات.

یەکسانی و دادوەری کاتێک دێنەدی کە تاکەکان بە ژن و پیاوەوە وەکو بونەوەری جیاواز و تایبەتمەند لە قوڵایی خۆیاندا و لە دەرەوەی پەیوەندییەکانی هێز و زاڵبوون و چەوسانەوە خۆیان بن و یەکتری قبوڵ بکەن و بەو قووڵی و فراوانیەش لەگەڵ یەکتری ڕەفتاربکەن و ڕێز لە تایبەتمەندیی یەکتری بنێن و ئازادی خۆیان پیادە بکەن. هەر ئەمەشە لە کۆتاییدا دەبێتە تەحەددایەکی گەورە لە دژی چەوسانەوە و تۆتالیتاری.

کۆتایی